ژیان و کەسێتی

# مەلا قادری ڕەش



محەمەد جەلال قادر

٢٠١٧

# پێشەکی:

## هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە (توێژینەوەکە) :-

لەدوا ساڵی خوێندنی زانکۆ (٢٠١٦-٢٠١٧) لەکاتی پێشکەش کردنی ناونیشانی توێژینەوەی دەرچوون بیرۆکەی ئەوەم بۆ لەلا دروست بوو کەوا توێژینەوەکەم سەبارەت بە زانایەکی ئایینی بێت کە کاریگەری زۆر باشی هەبووە بەسەر سنورێکەوە لەڕووی پەروەردەکردن و فێرکردن و بایەخدان بە خوێندنی ئایینی لە سنوری ناحیەکانی (تەق تەق و سێگردکان) و(دەشتی کۆیە) و ناوچەکانی (شوان و شێخ بزێنی) کە ئەو زانا بەڕیزەش (مەلا قادری ڕەش)بوو، کە لە ڕووی کاریگەری پەروەردە و هزر و بیری لەبواری زانستی ئایینی وە هەروەها پێگەیاندنی چەندین فەقێ و سوختە و پێدانی مۆڵەتی مەلایەتی وە گەڕان لە چەندین ناوچەی جیاوازی کوردستان بەمەبەستی خزمەتی ئایینی کە بووە بە مەلا لە چەندین ناوچەی جیاوازی کوردستان، وە ئەم بیرۆکەیە لەلایەن سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەم (م.ی. قارەمان شێخ بزێنی) پێشوازی لێکرا وە بوو بە هاندەری سەرەکیم بو ئەنجامدانی توێژینەوەکە .

## ئامانجی توێژینەوەکە :-

ئامانج لەم توێژینەوەیە بریتیە لە باسکردن و خستنەڕووی کەسایەتی (مەلا قادری ڕەش) وەکو زانایەکی ئایینی لە چەندین بواری جیاواز و باسکردن لە چەندین زانیاری دەربارەی ژیان و پەروەردە بوونی و خوێندن و هەوڵ و ماندوبونی بەهۆی گەڕانی لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان بە ئامانجی خوێندن و فێربوونی زانست و زانیاری، وە باسکردن دەربارەی خێزان و نەوەکانی وە ناساندنی ئەو مامۆستا بەڕێزانەی کە زانستی ئاینیی لەلا خوێندون وە لە دواتر وەرگرتنی مۆڵەتی مەلایەتی هەروەها تاکو ئێستا بەم شێوازە فراوانە لە توێژینەوە و کتێبەکاندا باس لە (مەلا قادری ڕەش) نەکراوە بۆیە بە ئامانجی بوونی توێژینەوەیەکی زانستی و بە پشت بەستن بە سەرچاوە ڕاست و دروستەکان وەکو هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بە زانایەکی لێهاتوو و کە خزمەتی ئایینی

ئیسلامی کردوه له کوردستاندا و له هەوڵ و ماندوبوندا بووه تاکو نەوەکانی بەشێوازێکی باش پەروەردەکردووه که ئەوانیش خزمەتیان کردوه لەڕووی ئایینی و کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتیەوه .

## میتۆدی توێژینەوەکه :-

له نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا پشتمان به میتۆدی تویژینەوەی زانستی مێژووی بەستووه، خستنەڕووی زانیاریەکان و شیکردنەوه و هەڵهێنجانی ئەنجام و دید و تێڕوانینی خۆشمان خستوەته سەر .

## گرفتەکانی بەردەم توێژینەوەکه :-

سەرەڕای ئەوەی که زانیاریەکان و سەرچاوەکان زۆر نەبوون و یاخود پچڕ پچڕ بوون دەربارەی ژیان و بنەچه و ئەو پەیوەندیه فراوانەی که هەیبوه لەڕووی ئاینی و کۆمەڵایەتی ئەوەش بەهۆکاری ئەوەی که (مەلا قادری ڕەش) لەدایکبووی ساڵی (١٨٩٦) که ساڵانێکی زۆر بەسەر ئەو ماوەیەدا تێپەڕیوه و دەستنوسەکانی لەناو چوون و نەماون وه سەرچاوەکان زیاتر ئەوانەبوون که لەڕێگەی چاوپێکەوتنەوه زانیاریەکانم لێوەرگرتوون و به شێوەی دەقاو دەق کاتەکان یاخود ساڵەکان دیار نین تەنها بەشێکی کەمی نەبێت.

## هەڵسەنگاندنی سەرچاوه بەکارهاتووەکانی توێژینەوەکه :-

لەم توێژینەوەیەدا پەنام بۆ چەندین سەرچاوەی جیاواز بردووه تاوەکو زانیاریەکان کۆبکەمەوه و بتوانم توێژینەوەیەکی زانستی بنوسم وه سەرچاوەکان که سودم لێ بینیون بریتین له: پەرتوکی (مێژووی زانایانی کورد) له نوسینی مەلا تاهیر بەحرکەیی و پەرتوکی (الاکلیل في المحاسن اربیل) له نوسینی عەبدوڵا فەرهادی، هەروەها پەرتوکی (سێگردکان و سێبەرنشینەکانی) له نوسینی ئاراس ئیلنجاغی ، پەرتوکی ( بلده کویسنجق و توابعا دینیا و علمیا) له نوسینی السید تاهر اسماعیل برزنجی وه لەگەڵ چەندین

پەرتوکی تر، چاوپێکەوتن لەگەڵ هەریەکە لە بەڕێزان( مەلا عەبدولڕەحمان ئەحمەد ، مەلا جەلال مەلا قادر مەولود، م. مەجید مەلا قادر مەولود، د.جەمال محمد باجەلان) .

## ناوەرۆکی توێژینەوەکە :-

ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە چوار تەوەرە و دەرئەنجام بەم شێوەیەی خوارەوە :

لە تەوەرەی یەکەمدا تیشك خراوەتە سەر بنەچە و خانەوادەی (مەلا قادری ڕەش) هەروەها شوێنی نیشتەجێبونیان و باسکردن لە نەوەکانی .

لە تەوەرەی دووەمدا باس لە قۆناغەکانی ژیان و پەروەردە بوون و گەڕان بە مەبەستی فێربوون و خوێندن و خوێندەواری و وەرگرتنی مۆڵەتی مەلایەتی و پێکهێنانی خێزانی وە نەخۆشکەوتن و کۆچی دوایی (مەلا قادری ڕەش) کراوە .

لە تەوەرەی سێیەمدا باسکراوە لە خزمەتکردنی ئایینی (مەلا قادری ڕەش) لەڕووی پێگەیاندنی چەندین فەقێ و سوختە و پەروەردەکردنیان لەڕووی ئایینی و کۆمەڵایەتیەوە .

لە تەوەرەی چوارەمدا پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و ئایینیەکانی (مەلا قادری ڕەش) وە هەروەها قسە و بەسەرهات و پەیوەندی لەگەڵ کەسانی ناودار و ناسراودا باسکراوە.

لە کۆتایدا ئەم توێژینەوەی کە لەبەردەستایە بەرهەمی ڕەنج و ماندوبونی ساڵێکی توێژەر و سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەیە ، هەرچەندە کە بەدەر نیە لە کەم و کوڕی بەڵام ئەوەندەی کە لە توانامدا بوبێت و بەپێی بوونی ئەو سەرچاوانەی کە سودم لێ بینیون درێغیم نەکردووە لە خستنە ڕووی ڕاستیەکان، هیوادارم توانیبێتم خزمەتێکی کەمیش بێت کردبێتم بە مێژووی کەسایەتیەکانی کورد و بە زانای ئایینی خوالێخۆشبوو ( مەلا قادری ڕەش) و خانەوادەکەی .

## تەوەرەی یەکەم : بنەچە و خانەوادەی مەلا قادری ڕەش

لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەم، خانەوادەی (مەلا قادری ڕەش) لە گوندی (بیان) ژیاون کە ئەو گوندە خاوەنداریەتیەکەی بۆ تیرەی (پاڵانیەکان) گەڕاوەتەوە و لە نێوان گوندەکانی (گۆڕقەرەجی زێدی شاعیری گەورە حاجی قادر* وە ئیلنجاغی گەورە و تاڵەبانی گەورە و گوندی مەرزان) بووە، بەهۆی بارودۆخی ئەوکاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ژێردەسەڵاتی عوسمانیەکان ئەم گوندە لەگەڵ (جەندەرمە و زەفتە) دوچاری شەڕ هاتوون و بەهۆی ئەوەش لەشکرکێشی عوسمانی دەکرێتە سەر ئەو ناوچانە بۆیە دانیشتوانەکەی تێکڕایان ئاوارەی گوندی (سێقوچان)ی نزیك ناحیەی پردێ دەبن، پاش ماوەیەك لە ژیان و گوزەران لەو ناوچەیە ئەوا دەگەڕێنەوە گوندی (ئیلنجاغی گەورە) ی کۆیە، (مام عەوڵا)ش کە دەکاتە باپیرەی (مەلا قادری ڕەش) یەکێك بووە لەو بنەماڵانەی کە گەڕاوەتەوە، لەدوای هاتنەوەیان و ژیان و گوزەرانیان کردوە و لە دۆڵی (هەنارەی بیان) کە بەدۆڵی (لیسێ) ناسراوە (مام مەولود) کە دەکاتە باوکی (مەلا قادری ڕەش) هەندێك دار هەناری چاندووە و ئەمڕۆ بەو دۆڵە دەوترێت (دۆڵی هەناران) کە دەکەوێتە گوندی بیان لە نێوانی گوندی گۆڕقەرەج و ئیلنجاغی گەورە ، لەپاش ماوەیەك ڕوو دەکاتە (سێگردکان) و بەمەبەستی کارو کاسبی و گوزەرانی ژیانی و لەپاش ماوەیەك هەر لە سێگردکان هاوسەرگیری دەکات (١) .

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئاراس عومەر فەتحوڵا): لەدایکبووی(١٩٧٦) ئیلنجاغی گەورە، توێژەر و نوسەری ناسراوی دەڤەرەکەیە و مامۆستایە لە یەکیك لە ئامادییەکانی شارۆچکەکە،تەق تەق، ٢٠١٧/٣/٣٠

*حاجی قادر: عەبدولقادر کوڕی مەلا ئەحمەد کوڕی مەلا ساڵح کوڕی مەلا ئەحمەدی گەورەیە و ناسراوە بە (حاجی قادری شاعیر)، لەدایکبووی (١٨١٦) لە گوندی گۆڕقەرەجی سەر بە ناحیەی تەق تەق ، شاعیر و بیرمەندێکی بەناوبانگ و نەتەوەخوازی کورد بووە ماوەیەکی درێژ لە ئەستەمبوڵی پایتەختی عوسمانی ژیاوە ، لە ساڵی (١٨٩٧) کۆچی دوایی کردووە. (سەردار حەمید میران و کریم مستەفا شارەزا: دیوانی حاجی قادری کۆیی، چاپی دووەم، ل١٩).

**(مام مەولود) هاوسەرگیری دەکات لە سێگردکان لەگەڵ (ئایشە عەبدوڵا) و ژیانی بەسەردەبات لە ناحیەی (سێگردکان) وە لە ژیانیدا سێ کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (مەلا قادری ڕەش و مەلا حەمەدەمین و ڕەشید) کە ئێستا لە ژیاندا نەماون بەڵام کوڕ و نەوەکانیان ماون، (مەلا قادری ڕەش) لەدایك بووی (١٨٩٦) سێگردکانە و لەژیانیدا سێ جار هاوسەرگیری کردووە، خێزانی یەکەمی ناوی (عەیشێ) بووە و خەڵکی (پردێ)ی کەرکوك بووە و کوڕێکی لێی هەبووە بەناوی (نەجمەدین) کە زانیاری دەربارەی ژیانی کەمە چونکە هەر زوو کۆچی دوایی دەکات، خێزانی دووەمی ناوی (عاسمە) بووە و خەڵکی (عەمشە)ی کەرکوك بووە و سێ کوڕی لێی هەبووە بە ناوەکانی(مەلا عەبدوڵا و مەلا عەبدولڕەحمان و مەجید) وە کچێك بەناوی (حەمدیە) ، (مەلا عەبدوڵا) کە یەکێك بووە لە زانا و مەلا زیرەکەکانی سەردەمەکەی و دوای تەواو کردنی زانستەکانی تایبەت بە خوێندنی ئایینی و وەرگرتنی مۆڵەتی مەلایەتی بووە بە مەلا و هەمیشە جێگای متمانەی خەڵك بووە و کەسایەتیەکی سادە و لەسەرخۆبووە و پەیوەندیەکی فراوانی کۆمەڵایەتی هەبووە و زیرەك و بەتوانا بووە لە وەڵامدانەوەی پرسیارە ئایینیەکان بە دەق و فەرمودە ئایینیەکان، لە ئێستادا لەژیان نەماوە [1].**

**(مەلا عەبدولڕەحمان) کە ئەویش یەکێك بووە لە مەلا بەتوانا و زیرەکەکانی سەردەمەکەی وە هەمیشە لەهەوڵی خوێندن و خوێندەواریدا بووە و بە خزمەتکردنی ئایینیەوە ژیاوە بەڵام لە ئێستادا لە ژیان نەماوە ، لە ساڵی ١٩٩٧ لەگەڵ (٧٠) فەقێ (یەکێتی قوتابیانی دینی) لە گردی سەیوان دادمەزرێنن و پەیڕەوی ئەو پەکێتیە بە فەقێیەکان پیشان دەدەن، واتە ئەوە دەردەخات کە نەوەکانی مەلا قادر خزمەتی ئاینیان کردووە [2].**

---

**١-چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلال قادر مەولود: ناسراو بە (مەلا جەلال سێگردکانی) لەدایکبووی(١٩٥٠) سێگردکان، کوڕی مەلا قادری ڕەش،کەسایەتی دیاری کۆمەڵایەتی، تەق تەق، ٢٠١٦/١١/١٠،(بڕوانە پاشکۆی ژمارە ١) ٢-ئەحمەد بانی خێڵانی: بیرەوەریەکانم، ستۆکهۆڵم ١٩٩٧، ل ٤٢**

(مەجید) کە لەدایکبووی (١٩٣٩) ی سێگردکانە و کەسایەتیەکی بیرمەند و لێهاتووە، لەدوای تەواو کردنی پلەکانی خوێندن بە سەرکەتویی و دەرچووی کۆلێژی زانستە ئایینیەکانی بەغدایە، و لە چەندین شوێندا پلە و پۆستی لە بواری پەروەردە و فێرکردن و راگەیاندن وەرگرتوە وەك (سەرپەرشتیاری گشتی پەروەردەیی ، نوسەر) و بە شێوەیەکی زۆر باش توانیویەتی کارەکانی جێبەجێ بکات و کەسایەتیەکی دیار و ناسراوە و لە ئێستادا پلەی (سەرپەرشتیاری گشتی پەروەردەیی – خانەنشین) لە ئێستادا لە ژیاندا ماوە و نیشتەجێی شاری هەولێرە [1] .

خێزانی سێیەمی کە ناوی ( ئامینە) یە و خەڵکی گوندی (مەرزیخە)ی شوان و شێخ بزێنیە و کوڕێکی لێی هەیە بە ناوی (جەلال) وە دوو کچ بە ناوەکانی (خانم ، نەسرین) ، جەلال کە لەدایکبووی ساڵی (١٩٥٠)ی سێگردکانە و ناسراوە بە (مەلا جەلال سێگردکانی) کەسایەتیەکی دیاری کۆمەڵایەتیە و کەسێکی سادە و خۆشەویستە و ڕۆڵی کارای هەبووە لە چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتیەکان لە تەواوی سنوری تەق تەق و کۆیە و ناوچەکانی شوان و شێخ بزێنیلە ئێستادا لە ژیان ماوە و نیشتەجێی ناحیەی تەق تەقە [2] .

---

١- چاوپێکەوتن لەگەڵ (مەجید قادر مەولود): کوڕی مەلا قادری ڕەش، لەدایکبووی (١٩٣٩)، ناسراو بە (م.مەجید سێگردکانی)، سەرپەرشتیاری گشتی پەروەردەیی—خانەنشین،هەولێر، ٢٠١٧/١/١٢

٢- چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەبدولڕەحمان ئەحمەد عومەر): ناسراو بە (مەلا عەبدولڕەحمان سێگردکانی) ، دۆستێکی نزیك و یەکێك لە فەقێیەکانی (مەلا قادری ڕەش) بووە، کە لە ساڵی ١٩٦٦ مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتوە لە لایەن (مەلا قادری ڕەش)، تەق تەق، ٢٠١٦/١١/١٥.

## تەوەری دووەم _ ژیان و پەروەردەی زانستی:

خوێندنگە ئایینیەکان لانکەی پەروەردە و پێگەیاندنی چەندین کەسایەتی مەزن بوونە لە کوردستاندا وە ڕۆڵیان لە بواری ڕۆشنبیری و پێشکەوتنی هزردا هەبووە، دیارە مەلا عەبدولقادری ڕەش نمونەیەکی دیاری ئەو بوارەیە.

ناوی تەواوی(عەبدولقادر مەولود عەوڵا)یە ناسراو بە (مەلا قادری ڕەش) لە ساڵی (١٨٩٦) لە ناحیەی سێگردکان لەدایك بووە[١] .

هەرچەندە لە کتێبەکانی (تەق تەق پەلکەزێڕینەی کەنار زێی بچووك، سێگردکان و سێبەرنشینەکانی) کە نوسەری ئەو کتێبانە (م. ئاراس ئیلنجاغی)یە ساڵی لەدایك بوونی مەلا قادری ڕەش بە هەڵە نوسراوە (١٨٩٢) [٢] .

لە خێزانێکی مامناوەند بووە و دایکی خەڵکی سێگردکانە و ناوی (ئایشەخان کچی حاجی عەبدوڵا) یە وە باوکی خەڵکی ئیلنجاغی گەورەیە ناوی (مەولود عەوڵا)یە، لە منالێەوە (عەبدولقادر)ی کوڕی دەنێرێتە بەر خوێندنی ئاینیتاوەکو فێری خوێندن و خوێندەواری ببێت و بتوانێت خزمەتی ئایینی بکات، بە مەبەستی فێربوون و خوێندن لە سەرەتای تەمەنی لاویەتیەوە چەندین ناوچەی کوردستان دەگەڕێت، تاوەکو لە لایەن مامۆستا ئایینیەکانی ئەو سەردەم وانەکانی سەردەم فێربێت[٣] .

---

(١)تۆمارە فەرمیەکانی فەرمانگەی باری شارستانی ناحیەی سێگردکان، تۆماری(٢٠٧)، ژمارەی لاپەرە

(٢)چاپخانەی (یاد) سلێمانی ٢٠١٣، ل١٢٢

(٣)چاوپێکەوتن لەگەڵ (جەلال قادر مەولود) ، ٢٠١٦/١١/١٠ ، تەق تەق

سەردانی چەندین شوێنی جیاواز بکات،مەلا عەبدولقادریش بۆ ئەو مەبەستە سەردانی چەندین ناوچەی کردووە،لە سەرەتای خوێندنیدا لەلای چەندین مامۆستاخوێندویەتی[(١)] .

جگە لەوانە لەلای چەندین مامۆستای تر خوێندویەتی و وانەکانی (فەلەکیات و اسطرلاب و حیساب)ی خوێندووە ، هەروەها لە هەولێر و پاشان لە بەحرکە درێژەی بەخوێندنی ئایینی داوە[(٢)] .

لەدوای چەندین ساڵ خوێندن و فێربوونی زانستە ئایینیەکان و وە گەڕان لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان بە مەبەستی فێربوون دواجار لەلایەن (مەلا محەمەد)ی جەلیزادە ناسراو بە (مەلای گەورە)* لە کۆیە مۆڵەتی مەلایەتی وەردەگرێت و هەر لەو کاتەدا (مەلا مەعسوم هەورامی) کە دەکاتە باوکی سەرۆك کۆماری ئێستای عێراق (د. فوئاد مەعسوم) مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتوە لەلایەن هەمان کەس[(٣)] .

---

(١)(مەلا ئەحمەدی ڕەش لە پردێ، مەلا عەبدوڵای جەلی زادە لە کۆیە، مەلا عەبدولڕەحمانی پێنجوێنی لە سلێمانی، مەلا ئەفەندی لە هەولێر، موفتی ئەمجەت زەهاوی لە بەغدا)،(ئاراس ئیلنجاغی ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٢).

(٢)(مەلا بەهائەدین لە کۆیە، مەلا نیعمەت زادە لە هەولێر، مەلا عوسمان شەوکی لە بەحرکە) مەلا تاهیر عبدالله بەحرکەیی ، مێژووی زانایانی کورد ، بەرگی دووەم ، چاپخانەی ئاراس٢٠١٥ ، ل٢٥٣

(٣)چاوپێکەوتن لەگەڵ (مەجید قادر مەولود)،تەق تەق، ٢٠١٧/١/١٢.

*(مەلای گەورەی کۆیە) محەمەد کوڕی عەبدوڵا کوڕی ئەسعەد جەلی کۆیی ، ساڵی (١٨٧٦)ز لە کۆیە لەدایك بووە ، پێش نوێژ و وتارخوێن و موفتی کۆیە بووە ، وە ئەندامی ئەنجومەنی ویلایەتی موسڵ و وە ئەندامی ئەنجومەنی دامەزراندنی عێراق(عەبدولخالق عەلائەدین: مەلای گەورە، زانا و ئەدیب و شاعیر ،چاپی دووەم، هەولێر ٢٠٠٩) .

دوای وەرگرتنی مۆڵەتی مەلایەتی و لەسەرەتای مەلایەتیدا لە شارۆچکەی (دوبز) دەبێت بە مەلا وە پەیوەندیەکی باشی دەبێت لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە وە بۆ کار و بار و پرسیارە ئایینەکان هەمیشە ڕوویان دەکردە لای ئەو و پشتیان بە وەڵامەکانی ئەو دەبەست شایەنی باسە مەلاکان ڕۆڵی کاراکتەری کۆمەڵایەتی و سەرپەرشتی چارەسەری کێشەکانیان پێ سپێردراوە نەك تەنها لە بوارە ئایینیەکان بەشداربن،لەدوای ماوەیەك ڕوودەکاتە گوندی (عەلەغێر) ی (سەید ئەحمەدی خانەقا) کە سەر بە شارۆچکەی دوبزی شاری کەرکوکە لە قەڵاسێوکەی ئاغجەلەر و لەوێ دەبێت بە مەلا، پاش ماوەیەك مانەوەی لەو گوندە ڕوو دەکاتە گوندی (گۆپتەپە)ی ناحیەی ئاغجەلەری شاری سلێمانی و لەوێ دەبێت بە مەلا و خزمەتی ئایینی دەکات و ناوبانگی لەو گوندانە باش باس کراوە و پەیوەندی باشدا بووە لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە هەمیشە بەچاوی ڕێز و خۆشەویستیەوە لێیان ڕوانیوە وە بە تایبەت لەگەڵ کەسایەتی دیار لە ناوچەکە (شێخ عەوڵا) ی برای کەسایەتی دیاری سیاسی (عەلی عەسکەری) کە لە کۆبونەوە و بۆنە ئایینی وکۆمەڵایەتیەکان بەیەکەوە دەبینران، پاش ماوەیەك مانەوەی لەو گوندە ڕوودەکاتە گوندی (کانی لەلە) ی تەق تەق و هەولێر دەبێت بە مەلا بەشێك لە خزمانی لەو گوندە بوون وە هەمیشە خۆشەویست بووە لای خەڵکی و بەهۆی زیرەکی و لێهاتووی و وە خاوەن کەسایەتیەکی تایبەت وبەهێز بووە، بۆیە لە دوای مانەوەی بۆ ماوەیەك لەو گوندە لەسەر داواکاری خەڵکی ناحیەی (سێگردکان)ی شاری هەولێر وە لەبەر خۆشەویستیان بۆی وەچونکە زێدی خۆیەتی بۆیە دەچێتەوە (سێگردکان) وە پێشوازی گەرمی لێدەکەن و بەڕێزەوە بەخێرهاتنی دەکەن و لەوێ دەبێت بە مەلا، وە لە ژیانیدا حەجی ماڵی خودای کردووە بە یاوەری یەکێك لە هاوڕێ نزیك و خۆشەویستەکانی کە ئەویش (مەلا عومەر چۆمەزەردەڵەیی)یە و لە گەڕانەوەیدا پێشوازیەکی گەرم دەکرێت و تەواوی خەڵکی سێگردکان لە پێیشوازیدا دەوەستن و بەخێرهاتنەوەی دەکەن، حاجی مەلا قادری ڕەش ژمارەیەکی زۆری فەقێی دەبێت کە وانەیان پێدەڵێت تاکو ببن بە مەلا و بتوانن خزمەت بە ئایینی ئیسلام بکەن و مەبەستی پرسیارە ئاینی شەرعیەکان،کەسایەتیەکیقسە خۆش و نوکتەزان بووە،وەکو کەسایەتیەکی دیار و خۆشەویستلە ناوچەکە وە هەمیشە خەڵکی سەردانیان کردووە بە

تێبینی دەکرێت کە مامۆستا (مەلا قادری ڕەش) مەندیلی مەلایەتی نەبەستووە و هەمیشە جامانەی کوردی لەسەرناوە[1] .

لە ژیانیدا سێ ژنی هێناوە، ژنی گەورەی ناوی (عەیشێ)یە کە خەڵکی شارۆچکەی پردێ بووە و کوڕێکی لێی هەبووە بە ناوی (نەجمەدین)، وە (عاسمە) کە خێزانی دووەمی بووە و خەڵکی گوندی (عەمشە)ی کەرکوکە وە سێ کوڕی لێی هەبووە بەناوەکانی (عەبدوڵا ، عەبدولڕەحمان، عەبدولەجید)، خێزانی سێیەمی ناوی (ئامینە) بووە و خەڵکی گوندی مەرزیخەی شێخ بزێنی خوارووە و کوڕێکی لێی هەبووە بە ناوی (جەلال)[2].

لەدوای توشبونی بە نەخۆشی و چونە ناو قوڵایی تەمەنەوە لە ساڵانی (١٩٦٨ _ ١٩٦٩) ئەوا سەردانی شاری بەغدا دەکات بە مەبەستی وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی و نەشتەرگەری بۆ دەکرێت لە لایەن دکتۆر (مکی واعز) وە لەپاش ماوەیەك مانەوە لە نەخۆشخانە و دواتر گەڕانەوە بۆ سێگردکان وە دواجار ئەم زاتە بەڕێزە لە بەرواری ١٩٧١/١٠/١٠ کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانی (شێخ محەمەد لە سێگردکان) بە خاك سپێردراوە،بەهۆی مردنی مامۆستا مەلا قادر و لەدەستدانی ئەم زاتە خۆشەویستە خەم و پەژارە و ماتەمینی ڕوویکردە خەڵکی ناوچەکە[3] .

---

(١)چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولڕەحمان ئەحمەد عومەر،تەق تەق، ٢٠١٦/١١/١٥.(بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٢).

(٢)ئاراس ئیلنجاغی،مەلا قادری ڕەش، مانگنامەی(تەق تەق)، ژمارە(٢)ی ڕێبەندانی ٢٧٠٠ی کوردی

(٣)چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلال قادر مەولود،، تەق تەق، ٢٠١٦/١١/١٠

## تەوەرەی سێیەم _ خزمەتکردنی ئاینی و ئەوانەی لای ئەو خوێندویانە

ئاشکرایە حوجرە و خوێندنگا ئایینیەکان لە هەر ناوچەیەك یاخود شارێك یا گوندێك بووبن ئەوا بەو هۆیەوە ناوچەکە خەڵکانێکی زۆر سەردانیان کردووە و ئاوەدان بووە چونکە چەندین فەقێ بە مەبەستی خوێندنی ئایینی ڕوویان تێکردووە ، ناحیەی سێگردکانیش یەکێك بووە لەو شوێنانەی کە بەردەوام قەرەبالغ بووە ئەوەش بەهۆی بوونی چەندین کەسایەتی کۆمەڵایەتی و زانای ئاینی و ئەو پێشخانە زانستی وئەدەبییەی کە لەوکاتدا هەبوو وە خاوەنی حوجرەی ئایینی و فێرگەی زانستیش بووە ، سەرباری ئەمانەش خەڵکەکەی زۆر میوان دۆست بوونە و ڕێزی زۆریان گرتووە لەو ڕێبوار و ئەو فەقێیانەی کە بە مەبەستی خوێندن روویان لە ناوچەکە کردووە ، مەلا قادری ڕەش کە زانای ئاینی و مەلای ناوداری ناوچەکە بووە لەو زەمەنە نیشتەجێی ناحیەی سێگرتکان بووە ، بەو پێیەی خاوەن بیرێکی کراوە و شارەزاییەکی زۆری لە وانە ئایینیەکان و خوێندن و خوێندنەوەدا هەبوو چونکە چەندین ناوچەی جیاوازی کوردستان گەڕاوە بە مەبەستی فێربوون و تەواو کردنی خوێندنی ئایینی وە هەریەك لە زمانەکانی (عەرەبی ، فارسی) زۆر بەباشی زانیووە و چەندین هۆنراوەی نوسیوە و لە قەواعیدی زمانی عەرەبیدا شارەزاییەکی زۆری هەبووە. [١]

جەمال موحەممەد باجەلان دەڵێت: لە ساڵی (١٩٦٨) لە حزوریدا گوێم لێبوو کە وتی ئەم تاکە بەیتە هی خۆمە لە (بەحری الرجز)ی شیعری عەرەبیدا کە عادەتە شتی قەواعیدی پێ تۆمار دەکرێت و گوتی بینوسەوە لای خۆت سودی لێوەربگرە، شیعرەکە بەم شێوەیەبوو (وجرده المجرد عما اقتضى– من سبق لفض عامل فيما مضى) بەم تاکە شیعرە مامۆستا مەلا قادر شتێکی رونکردوەتەوە لە پێناسەی (المبتدأ)

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولڕەحمان ئەحمەد عومەر سێگردکانی ،تەق تەق، ٢٠١٦/١١/١٥ .

له زانستی نەحوو له زمانی عەرەبیدا که زانایانی نەحوو پێناسەی (المبتدا) دەکەن و دەڵێن: (المبتدا هو الأسم المجرد عن العوامل اللفضية) واته مبتدا ناوێکه ڕووت کراوەتەوە له بکەرەکانی زاری لەبەرئەوەی بکەر له مبتدا مەعنەویه هەروەك ابن مالك دەڵێ: (ورفعوا مبتدأ بالأبتدا–كذالك رفع بالمبتدا) مامۆستا مەلا قادر بەم تاکه بەیته شیعره شتێکی ووردی لەم بارەیەوە ڕوون کردوەتەوە ئەویش مانای (المجرد) که لێی دورخراوەتەوە له حەقیقەتدا نەبوو تاوەکو دورخرابێتەوە یان فڕێ درابێت ئنجا بۆیه مامۆستا مەلا قادر دەڵێ: (وجرد المجرد عما اقتضى– من سبق لفض عامل فيما مضى) واتا وشەی (المجرد) ڕووت کراوەتەوە لەو مانایەی که دەیگەیەنێت که بکەرێکی لەفزی هەبووه[1] .

مامۆستا مەلا قادری ڕەش به ئامانجی گەیاندنی زانیاریه دینیەکان و هەستکردن به بەرپرساریەتی بۆیه هەڵساوە به دروستکردنی حوجره و وەرگرتنی فەقێ و بڵاو کردنەوەی هۆشیاری دەربارەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام چەندین سوختەو فەقێی بەتوانای پێگەیاندووە له ناوچەکانی شوان و شێخ بزێنی خوارو و سەروو و دەشتی کۆیه و دزەیی و تەق تەق[2] .

مۆڵەتی مەلایەتی داوە به بەشێکی زۆر لەو فەقێیانەی که لەلای ئەو خوێندویانه و بوون به مەلای زۆر لێهاتوو و زیرەك وە جێگای متمانەی خەڵك به تایبەت له پرسیاره ئایینیەکان،

---

(١) جەمال محەمەد باجەلان:بەیتێکی شیعری مامۆستا مەلا قادری ڕەش _سێگردکانی،ڕۆژنامەی (تاك) ژمارە( ٨)ی ساڵی یەکەم، ئابی٢٠٠٥ ، ل٥

(٢) ئاراس ئیلنجاغی: سێگردکان و سێبەرنشینەکانی، چاپی یەکەم، سلیمانی، ٢٠١٤،، ل٧٤

بۆیە ڕۆژ دوای رۆژ خەڵکانێکی زۆر ڕویان لە حوجرەکەی کردووە و لەسەر دەستی ئەو شارەزاییان لە وانە ئایینیەکاندا پەیدا کردووە و لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانەوە خەڵکی بۆلای هاتوون بە مەبەستی خوێندن لە حوجرەکەی (١) .

فەقێیەکان و مەدرەسەکەش لەگەڵ ئەودا دەچوون و دەیانگواستەوە ئەوەش بە هۆکاری خۆشەویستی و متمانە و هۆگربوون و دانەبڕانیان لە مامۆستا مەلا قادری ڕەش ، بۆیە ئەم کەسایەتیە لە هەرکوێ با ئەوا چەندین کەس لە دەوری بوون تاکو زانست و ئاین و ڕەوشتی بەرزی کۆمەڵایەتی لێوە فێربن (٢) .

سەید تاهیر سەید ئیسماعیل بەرزنجی لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (بلدة کویسنجق و توابعها دینیا و علمیا) باس لە مەلا قادری ڕەش دەکات و دەڵێت: یەکێك لەو گوندانەی کەوا فوتابخانەی تێدا بوو گوندی سێگردکان بوو، مامۆستا و وتارخوێنی شێخ مەلا عەبدولقادری ڕەش بوو کە زانایەکی ناودار بوو لەو سەردەمەدا وە زۆر بەناوبانگ بوو وە کوڕەکانی مەلا و زانای زۆر باشبوون (٣) .

---

(١) (مەلا عەبدولڕەحمان سێگردکانی، مەلا محەمەدمامیل، مەلا عەبدولقادر حاجی مەلا ، مەلا شوکر پەڵکانەیی، مەلا مەحمود یارمجەیی، مەلا عەبدولڕەحمان ئالی بەیانی، مەلا ڕەسوڵ مەرزیخەیی، مەلا عەبدولکەریم سێگرتکانی، مەلا سەید محەمەد، وە مەلا عەبدولڕەحمانی کوڕی)،(چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلال قادر مەولود،تەق تەق، ٢٠١٦/١١/١٠).

(٢)تاهیر ئەحمەد حەوێزی: مێژووی کۆیە،بەرگی دووەم، بەشی یەکەم، چاپخانەی (نمیر)، بەغدا، ١٩٤٨ ، ل ١٨٠

(٣) تاهر السید اسماعیل برزنجی (الامام و الخطیب فی جامع الخاسکی) ، بلدة کویسنجق و توابعا دینیا و علمیا،دون مکان النشر، (١٩٢٠ _١٩٥٠)، ص١٨

عەبدوڵا فەرهادی لە کتێبە بەنرخەکەی (الاکلیل في محاسن اربیل) باس لە مەلا قادری ڕەش دەکات و دەڵێت: یەکێك لە چاکەکانی هەولێر زانا و مەلای زیرەك و لێهاتوو مەلا عەبدولقادر مەولود سێگردکانیە کە زانایەکی چاك و مامۆستایەکی بەتوانا بوو لە گوندی (سێگردکان) بینیم کەوا زێدی خۆی بوو وە لە قوتابخانەکەی کۆمەلێك خوێندکاری چاکم بینی ئامادە بوون کەوا خەریکی خوێندن و خوێندنەوە بوون، وە نوێژی نیوەڕۆمان کرد لەگەڵ برا و مامۆستام مەلا سادق فەرهادی کە مامۆستا مەلا قادری ڕەش پێشنوێژی کردین وە دواتر چوینەوە ماڵەکەی و لەوێ نانمان خوارد، وە مامۆستا مەلا قادر هەمیشە خەمخۆری خوێندکارەکانی بوو و زانست و زانیاری بڵاودەکردەوە وە لە خوێندنگاکەی کۆمەڵێك خوێندکار و زانای ئایینی زۆر چاك لێوەی دەرچوون وە کۆمەڵیك منداڵی زۆر چاك و زیرەکی بەجێهێشت کەوا خزمەت بە ئایین و خوێندن دەکەن لە وڵات [1].

بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشە ئایینی و کۆمەڵایەتیەکان هەمیشە لە دەڤەرەکە پشت دەبەسترا بە قسە و فەتواکانی (مەلا قادری ڕەش) ، بەتایبەتی لە حوکمە شەرعیەکان وەکو دابەشکردنی زەوی و زار بەپێی شەرع، لەو کاتدا زۆربەی خەڵکان لەکاتی دابەشکردنی زەوی و زار لەنێوان خوشك و براکاندا و لەدوای مردنی دایك یاخود باوك ئەوا لە پێدانی زەوی و زار و موڵك و ماڵ ڕەگەزی (مێیینە) بێبەش دەکرا و یاخود پشتگوێ دەخران و بەشیان نەدەدرا بۆیە بەمەستی ڕونکردنەوەی ئەم بابەتە و بەو شێوەیەی کە شەرعی خودای گەورەیە و بەپێی پشت بەستن بە دەقی (قورئانی پیرۆز) و (فەرمودەکان)ی پێغەمبەر (د.خ) بەشی ڕەگەزی(مێیینە)ش دیاری کراوە ئەوا (مەلا قادری ڕەش) بەتەواوی خەڵکی ناوچەکە ڕادەگەیەنێت کە بەپێی ئەو شەرعەی خودای گەورە دیاری کردووە دەبێت جێبەجێی بکەین و نابێت بە پێچەوانەی دەق و فەرموودەکان کاربکەین . [2]

---

(١) دون مکان النشر، ٢٠٠١ ، ص ٣٤٤

(٢) (چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلال قادر مەولود،تەق تەق، ٢٠١٦/١١/١٠).(بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٣)

## تەوەرەی چوارەم : پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان

مەلا و کەسایەتیە ئایینیەکان زۆر جار جگە لەوەی کە بە زیرەکی و لێهاتووی و شارەزایی لە وانە ئاینیەکاندا دەناسرێن ئەوا بە قسەی خۆش و نوکتەبازی لە دانیشتن و مەجلیسە کۆمەڵایەتیەکان دەناسرێن وە خۆشەویستتر دەبن بەهۆی ئەمەوە و هەمیشە چواردەورەیان قەرەباڵغ دەبێت لە خەڵکی جۆراو جۆر و گوێ دەگرن لە وتە و قسە خۆشەکانیان .

مەلا قادری ڕەش جگە لەوەی پیاوێکی ڕووخۆشی کۆمەڵایەتی بووە و پیاوێکی گران و سەنگین بووە و کەم کەس توانیویەتی بەرامبەری بوەستێ و قسە لە قسەیدا بکات، هەمیشە لەگەڵ خەڵك و فەقێکانیدا پەیوەندی باش بووە و بە قسە خۆشەکانی زۆرترین کەسی لە خۆی کۆکردوەتەوە و دڵی کەسی نەڕەنجاندووە وە کەسایەتیەکی ڕاستگۆ و حەق بێژ بووە وە ئاخاوتنەکانی دەربڕینێك بووە لە هەست و ئاوات و ئامانجی خەڵکەکە، بەوە ناسراوە هەمیشە ڕێزی زۆری خەڵکی لەلا بووە و هاوڕێی زۆری لە گشت ئاستەکان هەبووە وە پەیوەندیەکی باشی هەبووە لەگەڵ زانا و مەلاکانی ئەو کاتدا وەکو (مامۆستا مەلا محەمەدی مەلا ئیبراهیمی عەودالانی) کە نازناوی شیعری (دلاوەر) بوو پەیوەندیەکی پتەویان هەبوو وە زۆر یەکتریان خۆشدەویست [(١)] .

زۆربەی کاتەکان لە دانیشتن و کۆبونەوە ئایینی و کۆمەڵایەتیەکان مامۆستا مەلا قادری ڕەش ئامادە دەبوو و ڕێزی زۆری لێدەگیرا و گوێیان دەگرت لە قسەکانی وە بەوە ناسرابوو کە حەقبێژ بوو و کەسایەتیەك بوو هەمیشە ئامادەبوو بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکان[(٢)] .

---

١-چاوپێکەوتن لەگەڵ جمال محمد باجەلان: لەدایکبووی ١٩٥٢ گوندی تالەبانی گەورە، پلەی زانستی لە ئێستادا پرۆفیسۆرە، سەرۆکی بەشی ئایینی لە فاکەلتی پەروەردە _ زانکۆی کۆیە٢٠/١١/٢٠١٦

(٢)چاوپێکەوتن لەگەڵ :جەلال قادر مەولود،تەق تەق ، ١٠/١١/٢٠١٦

مەلا قادری ڕەش پیاوێکی بەجەرگ و مەرد بووە و هەمیشە لەسەر ناهەقی کردن بەرامبەر کەسانی بێ دەسەڵات و هەژار لەلایەن کەسانی بەدەسەڵات بەوەڵام بووە و قبوڵی نەکردووە، هۆی گیانی سەربەرزی و نەبەردی مەلا قادری ڕەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەوا ژیان و گوزەرانێکی تایبەتی باشی هەبووە و خاوەنی موڵك و ماڵ و زەویەکی زۆر بووە و چاوی لە بارو بوی کەس نەبووە بە پێچەوانەی بەشێکی زۆری مەلاکان لەو کات بەهۆی زەکات و سەرفترە و یارمەتی خەڵك دەژیان وە لە خۆڕسکەوە پیاوێکی بلیمەت و بەتوانا بوو ، هەروەها بەهۆکاری ئەوەی کەسایەتیەکی دیار و خۆشەویست بووە لە ناوچەکە هەمیشە سەردانی خەڵکانی کردووە و خەڵکی ناوچە جیاوازەکانی کوردستانیش سەردانیان کردووە وە پەیوەندی زۆر باشی هەبووە لەگەڵ خەڵك بە گشتی و بەتایبەت لەگەڵ چەندین کەسایەتی دیار و ناوداری وەکو (مەلا مستەفای بارزانی)(*) کە مامۆستا مەلا قادر سەردانی کردووە وە لەلای (مەلا مستەفای بارزانی) زۆرخۆشەویست بووە و زۆر ڕێزی گرتوە وە بە یەکێك لە مەلا لێهاتوو و زیرەکەکانی داناوە و بە کەسایەتیەکی حەقبێژی داناوە و بە مامۆستا مەلا قادری وتووە ( بریا عەمرت دەما) واتە هیوای تەمەن درێژی بۆ خواستوە و ڕێز و خۆشەویستی بۆ دەربڕیوە ، هەروەها پەیوەندی لەگەڵ یەکێکی تر لە کەسایەتیە دیار و ناودارەکان ئەویش (مەلا محەمەدی جەلی زادە) ناسراو بە ( مەلای گەورە)(*) کە (مەلا قادری ڕەش) مۆڵەتی مەلایەتی لەلای ئەو وەرگرتووە

---

*مەلا مستەفا بارزانی: مستەفا شێخ محەمەد بارزانی، لەدایکبووی (١٩٠٣) ، کەسایەتیەکی دیار و شۆڕشگێڕ و سیاسی کوردە ، سەرۆکی پێشووی حیزبی (پارتی دیموکراتی کوردستان ) بووە، لە ساڵی(١٩٧٩) کۆچی دوایی کردوە. (عەبدولخالق عەلائەدین: ناودارانی کورد،،چاپی دووەم، هەولیر، ٢٠٠٩، ل٤٣

*مەلای گەورە: محەمەد کوڕی عەبدوڵا کوڕی ئەسعەد جەلی کۆیی ، ساڵی (١٨٧٦)ز لە کۆیە لەدایك بووە ، پێش نوێژ و وتارخوێن و موفتی کۆیە بووە ، وە ئەندامی ئەنجومەنی ویلایەتی موسڵ و وە ئەندامی ئەنجومەنی دامەزراندنی عێراق. (عەبدولخالق عەلائەدین: (مەلای گەورە، زانا و ئەدیب و شاعیر) چاپی دووەم، هەولێر ٢٠٠٩).

وە پەیوەندیەکی باشیان هەبووە و زۆر ڕێزی لە مامۆستا مەلا قادر گرتووە و پرسیار و گفتوگۆی ئایینی و کۆمەڵایەتیان کردووە و هەمیشە بە زانا و زیرەك و لێهاتوو ناوی مامۆستا مەلا قادری هێناوە و ئاماژەی بە زیرەکی و بەتوانایی کردووە [1] .

مامۆستا مەلا قادر هەمیشە بە قسەخۆشەکانی خەڵکانێکی زۆر لەچواردەورەی کۆدەبونەوە و وە جگە لەوەی کە نوکتە و قسەی خۆشی بۆ دەکردن لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوەی ئامۆژگاری کردن قسەکانی ئاراستە دەکرد ، مەجید کوڕی مەلا قادری ڕەش لە نوسینێکدا لە رۆژنامەی خەبات بەناونیشانی (پیاو چاوی دەرچێ ناوی دەرنەچێ) باسێك دەگێڕێتەوە و دەڵێت: دیوەخان و دیوەخانکاری و میوانداری نەریتێکی کۆنی کوردەواریە وە هەر لە کۆنەوە لە هەموو گوندێك با ژمارەی ماڵەکانیشی کەم بێت دیوەخان هەر بەرچاودەکەوێت وهەمیشە بایەخ بە خزمەتی میوان دراوە ، (عەوڵا ڕەسوڵی شێخانی) پیاوێکی ناسراوی خەڵکی ئیلنجاغی گەورەی ناوچەی کۆیە بوو ، ئەم پیاوە هەر لەکۆنەوە خاوەنی دیوەخان و قۆناغ بوو وە رۆژێك بیر لەوە دەکاتەوە کە میوانخانەکەی وای لێهاتووە بە تەواوی جێگای هەموو میوانەکانی نابێتەوە، بۆیە هەڵدەستێت بە گەورەکردنی دیوەخانەکەی بە شێوەیەکی زۆر فراوان وە تەواوی دیوەخانەکە پڕدەکات لە ڕایەخ ، وە بەم بۆنەیەوە داوەتی (مەلا قادری ڕەش) دەکات وە پاش چوونە ژوورەوەی بۆ دیوەخانەکە و ئەم سەر دەکات و ئەو سەر دەکات و پانی و درێژی ژوورەکە دەپێوێ و مام عەوڵاش دەڵێت مامۆستا ئەوە چی دەکەی؟ مەلا قادری ڕەشیش لە وەڵامدا دەڵێت: عەوڵای ڕەسوڵ پیاو چاوی دەرچێ ناوی دەرنەچێ [2] .

---

(1) چاوپێکەوتن لەگەڵ: عەبدولڕەحمان ئەحمەد عومەر سێگردکانی، تەق تەق، ٢٠١٦/١١/١٥ .

(2) مەجید سێگردکانی: (پیاو چاوی دەرچێ ناوی دەرنەچێ )، رۆژنامەی خەبات، ژمارە ٢٩٨٦ ، ٢٠٠٨/٩/٢٩، ل٦

لەنوسینێکی تریدا (مەجید)ی کوڕی مەلا قادری ڕەش کە لە ڕۆژنامەی خەبات بڵاوکراوەتەوە بە ناونیشانی (ئەگەر وەك خۆی لێبێتەوە چ بەڵایەتی) یەکێك لە سەربوردەکانی مەلا قادری ڕەش دەگێڕێتەوە و دەڵێت: باوکم کە ناسرابوو بە مەلا قادری ڕەش، لە سێگردکان ئاشێکی هەبوو کە بە ئاو ئیشی دەکرد و پێیان دەوت ئاسیاو وەك لەهجەی ناوچەکە ، خەڵکەکە بە گشتی کەڵکیان لێ وەردەگرت و هەرکەس بە نۆرە باراشی لێ دەکرد، تا ماوەیەك ئاسیاوەکە بەرەو پیری دەچوو خەریك بوو لەکار بکەوێت و ڕۆژ بە ڕۆژ بڕشتی کەمتر دەبوو، ڕۆژێك ئاشوەستایەکی برادەری باوکم پەیدا بوو و دەستی کرد بە قسە و وتی من چارەسەری دەکەم و بە شێوەیەك کە لە جاران بڕشتی زیاتر بێت ، شەو لە دیوەخان کەوتە مەدح کردنی خۆی و باسی لێهاتووی لەم کارەدا ، جا کە ڕۆژ بووەوە و چووە سەر ئیشەکەی بە خۆی و کەرەستەیەوە ئەوا ئەو ڕۆژە تا ئێوارە لە ژێر قۆتەڵەی ئاشەکە هەر تەقە تەقی بوو، بۆ ڕۆژی دواتر دیتیان کارەکە بەرەو پشت سوڕابوو لەجیاتی بارێك دانەوێڵە کە جاران دەیکردە ئارد بووە بە نیو بار ، وەستا ڕۆژێکی تریش چووە سەرکارەکەی و دیسان دوای کارەکەی دیتیان بڕشتی ئاشەکە کەمتربووە و بووە بە یەك تێچین، ئیتر بەم جۆرە تا وەستا خەریکی کارەکە بوو بڕشتی ئاشەکە کەمتر دەبوو و وەستاش بە شەرما شکابوو و جاری دوایی کارەکە هەر لە ژێر پەڕە و قوتەڵەی ئاشەکە بوو و وەستاش لەبەر ماندوێتی بێ دەنگ بووبوو باوکیشم (مەلا قادری ڕەش) لە سەرەوە هەستی ڕاگرتبوو وە هیچ دەنگ نەبوو و ترسا وەستا شتێکی لێهاتبێت و بانگی کرد وەستا ئەویش گوتی: بەڵێ ، گوتی: پێویست ناکات ئەوەندە خۆت ماندوو بکەی هەر وەکو خۆی لێبکەوەووازیلێبێنە! وەستاش گوتی: ئەگەر وەکو خۆی لێبیتەوە چ بەڵایەتی [1] .

---

(1) مەجید سێگردکانی: (ئەگەر وەك خۆی لێبێتەوە چ بەڵایەتی) ، ڕۆژنامەی خەبات ژمارە(٢٣٨٠)، ١٦ کانوونی دووەم ٢٠٠٧، ل١٦

له چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتیەکان (مەلا قادری ڕەش) دەورێکی باڵای هەبووە و هەمیشە جێگای ڕێز بووە و قسەکانی ڕەتنەکراونەتەوە،لە شارۆچکەی (پردێ) ی سەر بە شاری کەرکوك کەسایەتیەکی دیار و ناوداری شارۆچەکەکە بەناوی(تاهیر ئەفەندی) ناکۆکی دەکەوێتە نێوانیان لەگەڵ یەکێك لە مەلایەکانی شارۆچکەکە بەناوی( مەلا ئەسعەد) وە ڕایدەگەیەنێت کە دەبێت (مەلا ئەسعەد) بار بکات و پردێ بەجێبهێڵێت ، لەدوای ئەوەی چەندین کەسایەتی و پیاوماقوڵانی ناوچەکە داوا دەکەن کە لە بڕیارەکەی پەشیمان ببێتەوە بەڵام هەر سور دەبێت لەسەر قسەکەی کە بڕیاری دەرکردنی داوە لە شارۆچکەکە ، لەو ماوەیەدا (مەلا قادری ڕەش) دەچێتە پردێ و خەڵکی ناوچەکە داوای لێدەکەن کە ناکۆکی نێوان ئەو دوو کەسە چارەسەر بکات ، بۆیە (مەلا قادری ڕەش) دەچێتە لای (تاهیر ئەفەندی) و بە چەند قسەیەکی ئامۆژگاری ئامێز دەڵێت ( تاهیر ئەفەندی ، مەمنونی خودا نیت کە تۆی کردوە بە تاهیر ئەفەندی ، ئەوە بە چەندین تاهیر لەو ناوە کەوتوە و کەس لێی ناپرسێت) لەدوای ئەوەی کە گوێبیستی ئەم قسانەی مامۆستا (مەلا قادری ڕەش) دەبێت ئەوا بڕیار دەدات کە لەگەڵ مامۆستا (مەلا قادری ڕەش) بەیەکەوە بچنە ماڵی (مەلا ئەسعەد) وە بەم شێوەیە کۆتای بەو ناکۆکیەی نێوانیان دێت [1].

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ :جەلال قادر مەولود،تەق تەق ، ٢٠١٦/١١/١٠

# دەرئەنجام:-

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە گەیشتم بە :

١. لەم توێژینەوەیەدا بۆم دەرکەوت کە بنەماڵەی (مەلا قادری ڕەش) نیشتەجێی گوندی (بیان) بوون کە لە ئێستادا بووە بە بەشێك لە سنوری گوندی (ئیلنجاغی گەورە)ی تەق تەق، لەدواتردا ڕویان کردوەتە ناحیەی(سێگردکان) و لەوێ نیشتەجێ بوون .

٢. چەندین ناوچەی کردووە بەمەبەستی فێربونی زانستە ئایینیەکان و خوێندن و خوێندەواری سەرەڕای هەر ئاستەنگێکیش کە هاتوەتە پێشی لەو سەردەمەدا، ناوچەکانیش وەك (بەغدا ، هەولێر، سلێمانی، کۆیە، پردێ، هتد...) .

٣. سەرەڕای ئەوەی کە زانایەکی زیرەك و لێهاتوو بووە و چەندین دەست نووس و شیعری نوسیوە بەڵام بەداخەوە دەستنوسەکانی کە لەلای (جەلال قادر مەولود) ی کوڕی بووە لە سێگردکان وە بە هۆکاری شاڵاوی ئەنفالی سوپای عێراق لە نێوان ساڵانی (١٩٨٦ــــ١٩٨٨) سوتێنراون و ون بوون .

٤. هەرچەندە خزمەتێکی زۆری کردوە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان جا بە شێوەی خوێندنی ئایینی یاخود وەکو مەلای ئایینی لەو ناوچانە بووە، بەڵام بەهۆکاری ئەوەی کە ماوەیەکی زۆر تێپەڕیوە بەسەر ئەو کاتەدا وە بەهۆی نەمانی دەست نوس و پەراوێزی کتێبەکانی ئاماژە نەکراوە

بەوەی کە چەند ساڵ خوێندویەتی وە تۆمار نەکراوە چەند ساڵێش خزمەتی ئایینی کردووە و بووە بە مەلا .

٥. لەسەر دەستی ئەودا چەندین (فەقێ و سوختە و موستەعید و مەلا) خوێندویانە و پەروەردە بوون و مۆڵەتی مەلایەتیان پێدراوە، بەمەش خزمەتێکی بەرچاوی بە ناوچەکە و ئایینی پیرۆزی ئیسلام کردووە، لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان و لە سنورەکانی (شوان و شێخ بزێنی و دەشتی کۆیە و تەق تەق و دەشتی هەولێر) بەمەبەستی چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتیەکان و پرسیارە ئایینیەکان پەنایان بۆ بردووە .

٦. بەهۆی شارەزایی و پایەداری کۆمەڵایەتی و ئایینی پەیوەندیەکی بەهێزی لەگەڵ کەسایەتی و زانایەکانی سەردەمەکەیدا هەبووە و جێگای متمانەی خەڵك بووە و ئەو متمانەیە ئەوەندە بەهێز بووە کە بەهەموو شێوەیەك پشت بە قسەکانی بەستراوە و لەڕووی شەرعی و کۆمەڵایەتیەوە ڕەت نەکراوەتەوە .

## لیستی سەرچاوەكان :-

### یەكەم/ سەرچاوە كوردیەكان :


١- ئەحمەد بانی خێڵانی: بیرەوەریەكانم، ١٩٩٧ ستۆكهۆڵم، ل٤٢ .

٢- ئاراس ئیلنجاغی : تەق تەق پەلكەزێرینەی كەنارزێی بچووك ، چاپخانەی (یاد) ، سلێمانی ، ٢٠١٣ .

٣- ئاراس ئیلنجاغی : سێگرتكان و سێبەرنشینەكانی ، چاپی یەكەم ، چاپخانەی (یاد) سلیمانی ، ٢٠١٤ .

٤- تاهیر احمد حوێزی : مێژووی كۆیە ، بەرگی دووەم ، بەشی یەكەم ، چاپخانەی (نمیر) ، بەغدا ، ١٩٨٤.

٥- مەلا تاهیر مەلا عبدالله بەحركەیی: مێژووی زانایانی كورد، بەرگی دووەم ، چاپخانەی ئاراس ، ٢٠١٥.

٦- سەردار حەمید میران و كەریم مستەفا شارەزا: دیوانی حاجی قادری كۆیی، چاپی دووەم ٢٠٠٩، ل١٩

٧- عەبدولخالق عەلائەدین: مەلای گەورە زاناو ئەدیب و شاعیر، چاپی دووەم ، هەولێر ٢٠٠٩

٨- عەبدولخالق عەلائەدین: ناودارانی كورد، چاپی دووەم، هەولێر ٢٠٠٩، ل٤٣


### دووەم/ سەرچاوە عەرەبیەكان:


٩- السید تاهر السید اسماعیل البرزنجی (الامام و الخصیب فی الجامع الخاسكی): بلده كویسنجق وتوابعها دینیا و علمیا ،(١٩٢٠ _ ١٩٥٠)، بدون مكان النشر، بدون تاریخ.

١٠- عبدالله فرهادی: الاكلیل فی محاسن اربیل، بدون مكان النشر، ٢٠٠١ .

## سێیەم/ گۆڤارەکان:

١١- ئاراس ئیلنجاغی: مانگنامەی تەق تەق ، ژمارە (٢) ی ڕێبەندانی (٢٧٠٠) ی کوردی

## چوارەم/ رۆژنامەکان:

١٢- جەمال محەمەد باجەلان: ڕۆژنامەی (تاك) ، ژمارە (٨) ی ساڵی یەکەم ، ئابی ٢٠٠٥.

١٣- مەجید سێگردکانی: ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ٢٩٠٤ ، ٩ / ٧ / ٢٠٠٨ ، ل ١٦ ، وە ژمارە ٢٩٨٦ ، ٢٩ / ٩ / ٢٠٠٨.

## پێنجەم/ بەڵگە و دۆکیۆمێنت:

١٤- تۆمارە فەرمیەکانی فەرمانگەی باری شارستانی ناحیەی سێگردکان ، تۆماری (٢٠٧)

## شەشەم/ چاوپێکەوتنەکانی توێژەر:

١٥- چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاراس عومەر فتح الله: لەدایکبووی (١٩٧٦) ئیلنجاغی گەورە، توێژەر و نوسەر ، ٢٠١٧/٣/٣٠ .

١٦- چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلال قادر مولود، تەق تەق، ٢٠١٦/١١/١٠ .

١٧- چاوپێکەوتن لەگەڵ جەمال محەمەد باجەلان، زانکۆی کۆیە، ٢٠١٦/١١/٢٠ .

١٨- چاوپێکەوتن لەگەڵ مەجید قادر مەولود، هەولیر، ٢٠١٧/١/١٢ .

١٩- چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولڕەحمان سێگردکانی، تەق تەق، ٢٠١٦/١١/١٥ .

# پاشكۆ:-




پاشکۆی ژمارە (١)




**پاشکۆی ژمارە (٢)**

**(وێنەی مەلا قادری ڕەش)**

**پاشکۆی ژمارە (٢)**


منوّن الوقفية والموضوع .. ذكور الأولاد من الورثة المجتمعة من أناث الأولاد
والذكور والبعض عن استيعاب الملك الموروث وحرمان الإناث وإن الملك وقف
على الذكور .. سئل عن شخص وقف على ذكور أولاده دون الإناث وغالب الظن أنه
قصد حرمانهن من الميراث لأن ناسا يفعلون ذلك عند كبر سن الواقف وقرب أجله الخ
فأجاب بقوله إن صدر ذلك في مرض موته فهو وصية للوارث فإن أجازه البنات نفذ وإن
ردده بطل وإن صدر في صحته صح وإن قصد حرمان ورثته الخ فتاوى كبرى في
الجزء الثالث في ص ... والأصح أن الوقف على معين وحد أو أكثر يشترط فيه قبوله عقب
الإيجاب متصلا به كالبيع نهاية رملي جلد الرابع في ص ٧٠ ونقل الدركشتي عن القاضي أنه لو
نجز وعلق إعطائه للموقوف عليه بالموت جاز كالوكالة وعليه فهو كالوصية انتهى
نهاية في الجزء الرابع في ص ٧٢ نفوذ وقف الذكور وقبوله متوقف على إجازة بقية الورثة
التي هي بنات الواقف هنا على كل تقدير من التقادير الأعلى تقدير أن يكون الوقف في صحة
الواقف مع قبول الذكور الموقوف عليهم الملك الموقوف متصلا بإيجاب الوقف في
الصحة كالبيع الذي الناقل عبد القادر  بعد التحقيقات والتدقيقات علمنا أن الفتوى
صحيح امام في قرية ... أحمد ...
نعم راجعنا الكتب فوجدت ما نقله الفاضل الكامل الملا عبد القادر سيكردكاني
صحيحا موافقا لأحكام الشرع الرباني
امام في قرية ادمراوه آل سيد أحمد
الفتوى صحيحا موافقا لأحكام الشرع ... صالح
راجعنا الكتب فوجدت ... الفاضل الكامل الملا عبد القادر ... صحيحا موافقا لأحكام الشرع ... قرية ...

**پاشکۆی ژمارە (٣)**





سورة الفاتحة
مكية وآياتها سبع

بسم الله الرحمن الرحيم ١
الحمد لله رب العلمين ٢
الرحمن الرحيم ٣ ملك يوم الدين ٤
إياك نعبد وإياك نستعين ٥
اهدنا الصرط المستقيم ٦
صرط الذين أنعمت عليهم غير
المغضوب عليهم ولا الضالين ٧

نزلت بعد المدثر

**وێنەی یەکێك لە قورئانەکانی (مەلا قادری ڕەش) کە تاوەکو ئیستا ماوە**